# هەلوێستێك لە سەر گەندەلی


**ئەمجەد غەفور**

ghafur@ukonline.co.uk


**لە هەندێ شوین ئەو پرسیارە بەرو رووی خەلکی دەکەنەوە، ئایا گەندەلی سیاسی لە کوردستاندا قابلی چارەسەرکردنە؟ هەلبەتە هەر کەس لە دیدگاو بۆچونی خۆیەوە وەلامێکی هەیە بۆ ئەم پرسیارە، بە بەلێ، بە نەخیر یا نازانم..دواتریش ریژەیەکی وەهای لێ دێننە دەرەوە کە هیچ ئاکامیکی عەملی بەدوای خۆیدا ناهێنێ، وەزعەکەش هەروەك خۆی دەگوزرێو دیاردەی تالانیو راوەروتو دزیو گیرفان پرکردن جۆرەها داهینانو دەستپیشکەری تری بۆ ئەدۆزنەوە.**

**راستیەکەی دەمەوێ ئەو بلیم کیشەکە لەسەر وەلام بەو پرسیارە نیەو بە وەلامی ئەو پرسیارە بە ئەنجامێك ناگەین، ئەم دیاردەیەی کە لە کوردستاندا پێی دەلین گەندەلیو هەمولایەکی سەرقال کردووە، هەتا بۆتە باسیکی نهێنی ناو جەلسەکانی مەکتەبی سیاسی یەکیتیو پارتی، شتێکی تازە نییەو لەم چەند رۆژانەدا دەرنەکەوتووە.**

**ئەمە سفەتو پێناسەی هەردوو هیزی میلشیایی یەکیتیو پارتیە لە تەواوی دەسەلاتی چواردەسالەیان لە کوردستاندا، کیشەکەیان گەندەلی نیە، بەلکو دوو هیزن وەك جەردە هەرلایەکیان ناوچەیەکیان داگیرکردووە بە ئارەزووی خۆیان بە بێ حەدو حساب خەریکی گیرفان پرکردننو نازانن تێر بون چییە.**

**کوردستانی عیراق لە سایەی دەسەلاتداریەتی ئەم دوو هیزەدا لە باری سیاسیو جوغرافیەوە هیچ پیناسەیکی نیە، نە وولاتە نە دەولەت، خەلکەکەی لە چارەنوسیکی نادیاردا راگیراوە، ناسیۆنالستەکانیش بۆ خۆیان لە چاوەروانیەکی ناڕۆشنو بن بەستو بێ ئامانجدان.**

**بە گویرەی ململانێو سیاسەتو بەرژەوەندیەکانی دەولەتی ئەمریکاو وولاتانی دەوروبەرو چونیەتی پیکهاتنی دەولەتی عیراق، هەر چارەوهەر رۆژە نەخشەو سیاسەتیك بۆ ئایندەی کوردستانی عیراق دائەتاشرێت، پارتیو یەکیتش خۆیانی لەگەدا ریکدەخەنو دەگونجێنن، ئیتر چاوی خەلکی ستەمدیدەی کوردستانیش دەر ئەهات، هەر چیەکیان بەسەردێت کەیفی خۆیانە!، هەمیشە ناسیۆنالستی کوردی دەورێکی پایەییو داهیەنەرانەیان بووە بۆچەواشەکاریو دوورخستەوەی دەورو دەخالەتی خەلکی لە دیاری کردنی چارەنوسی کوردستاندا، هەمیشە وەك دوو هیزی چەکداری سەرو خەلکی خۆیان سەپاندووە.**

**ئەمانە دژی ئازادی سیاسیو مافی ئیسنانو خۆشگوزەرانی و ژیانی هاوچەرخو کۆمەلگەی مەدەنین، سەبەب کاری هەرجی دەردو بەلاو موسیبەتەکانی چەند سالەی خەلکی کوردستانن، ئەمانە خاوەنی نەخشەو بەرژەوندی تایبەتی خۆیانن، کە بەهیچ جۆریك بە خواستو بەرژەوندیو ئایندەی خەلکی کوردستانەوە گرێ ناخوات.**

**بۆیە هەر پرسیاریك بە دەوری ئەوەی بۆ چارەسەریك بگەرێین لە چوارچیوەو سایەی دەسەلاتی ئەم تالانکارانەدا، خەوو خۆشخەیالیو داماویە.**

**ئەگەر وەلامو نەخشەیەك هەیە بۆ بەرگرتن بە گەندەلیو دەیانەوی رووی رەشیان سپی بکەنەوە، گەر مەبەستیانە بۆ ساتیك گوێ لە نارەزایەتیو خواستی خەلکی بگرن، نە جەلسەی پێوستە نە قسەو باس، نە پرسیاری دەوێت نە وەلام، ئەوە دیاردەکان رونو ئاشکراو بەرجەستەن، هەر شوینو دەزگاو وەزارەتێك..دەستی بۆ بەری بە سەدان دەلیلی دیارو رۆشنەوە، ئەتوانرێت بە هەزاران دزو جەردە دەست گیرکەن.**

**ئەگەر بەراستی جدینو بە خەمی وەزعی کوردستانن، نارەحەتن بەم دیاردە بۆگەنەو دەیانەوێ بەر بە گەندەلی بگرن، ئاسانترین ریگەی دەست بەجێ ئەوەیە، چەند لیپرسراویك بخەنە بەر دادگای ئاشکراو حساباتیان لە گەلدا بکەن.**

**بەلام رۆشنە کە ناتوانن ئەم کارە ئەنجام بدەن، چونکە گەر تەنها دوو کەس بخەنە ناو قەفەزی دادگاوە، بێ شکە وەك زنجیرەیەکی لیك نە پچراو تەواوی ئەندامانی بالای هەردوو حیزبەکە یەك بە بەدوای یەکتردا رادەکێشتو حیزبەکانیان هەلدەوەشێنەوە خەباتی چەند سالەیان بە بەلاش بێ هودە دەروات.**

**ئەو کەسانەی فایلەکانیان ئاشکرا بوو نەك لە گول کالتریان پێ نەوترا، زەمانەتی هەتاهەتایەشیان بۆ دابین کراو پایەی بەرزتریان وەك مەدالیای سەرکەوتن پێ بە خشرا.**

**واقعیەتی دەسەلاتدارانی کوردستانی عیراق، دەسەلاتی جەردەییو بێ سەروبەری سیاسیە، هەتا لە دەسەلاتدا بنو خۆش باوەر بین پێیانو بۆیان هەلپەرین، سواری سەرمان دەبنوئایندەی کوردستان لە مەترسیدا رادەگرن، دەبیت نارەزایەتیەکانی خەلکی وەها بینە مەیدان، دەور بگیریت لە دەست کوتا کردنی ئەو دوو حیزبەو دابین کردنی دەسەلاتی خەلکی، تێبکۆشین بۆ هینانە مەیدانی دەورو دەخالەتی راستەو خۆی خەلکی لە دەسەلاتی سیاسیداو بریاردان لە دیارکردنی چارەنوسی کوردستاندا.**

**دەورو دەخالەتی راستەو خۆی خەلکیە لە دەسەلاتی سیاسیدا کە ئەتوانی بەر بە جەردەییو تالانو برۆو گەندەلی بگرێت لە کۆمەلگەدا.**